# شانۆگەریی (ئیفگینیا لە ئۆلیس)
# یەکەمین نمایشی ئەکادیمی لە شانۆی کوردیدا

ئەرسەلان دەروێش

یەکێک لە لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی بزووتنەوەی شانۆی کوردی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، واتا لەو ماوەیەی بە سەردەمی زێڕینی (شانۆی کوردی) ناو نراوە، نمایشکردنی یەکەمین شانۆگەری ڕێبازی ( کلاسیکی کۆن) ە لە کوردستاندا، بە ناوونیشانی (ئیفگینیا لە ئۆلیس)، وەک نۆبەرەی بەرهەمە ئەکادیمییەکانی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی).

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم لە چەند ڕوویەکەوە بایەخ و گرنگی ئەم کارە هونەرییە و هەلومەرجی پێشکەشکردنی بەرچاو بخەم، ئەگەرچی ئامانجی ئەم نووسینە ڕاڤەکردن و شیکاری بۆ دەقێک، یان نمایشێکی شانۆیی نییە، بەڵکوو ئاراستەیەکی بەڵگەنامەسازی هەیە و هەوڵی دوکیۆمێنت کردن دەدات، بەڵام ڕووناکی خستنە سەر هەندێک ڕەهەندی گرنگی ئەم بەرهەمە، پێویستە بۆ بەتەواوی گواستنەوەی وێنەکە.


کاتێک دەوترێت شانۆی کوردی لە هەشتاکاندا سەکۆی بیری ئازاد و شوێنی جۆشدانی هەستی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەری بووە، ڕاستییەکی بەهادار و فاکتێکی سەلمێنراو و بەڵگەدارە، نەخاسمە کە ئەم ڕەوتە هزری و سیاسی و نەتەوەییە لە ڕەهەندە هونەری و ئاستە داهێنەرانەکەی نمایشەکانی کەم نەکردووەتەوە وەک لە هەندێک نووسیندا ئەو ئاماژەیە دەبینرێت. دەستبردنی دەرهێنەری کورد بۆ ئەو دەقە جیهانییە مەزنانەی کە توانایەکی هونەریی گەورەیان گەرەک بووە بۆ نمایشکردن و ئاراستەکردنی بیرۆکە و بابەتەکانیان بەرەو پرسی ڕزگاری و سەرفرازی گەل و نیشتمان، باشترین بەڵگەی بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە نووسینانەن کە بێ باکانە لەو سەردەمە زێڕینەی بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا هەوڵی لێدانی ئاستی ئەفراندنی شانۆکاری کورد دەدەن.

بۆیە بەو ئومێدەم قەڵەمی دڵسۆزان و شارەزایانی ئەم بوارە تەواوی ئەو نمایشە شانۆییانە بخەنە بەر باس و ڕووناکی، کە جێی هەڵوەستە و سەرنجدانی مێژوویی و هونەرین و قووڵایی بینراوە شانۆییەکەی کوردستان بەرجەستە دەکەن، هەر لەم سۆنگەیەشەوە وەک بەشداربوویەکی ئەو شانۆگەرییە، نمایشی (ئیفگینیا لە ئۆلیس)ی

شاعیری بەناوبانگی گریک (یوریپیدس) و وەرگێڕان و دەرهێنانی مامۆستا (ئەحمەد سالار) بەسەر دەکەمەوە.

### پەیمانگەی دایک

بەر لە ٤٤ ساڵ لە شاری (سلێمانی)، شاری رۆشنبیری و مەڵبەندی جموجووڵە ژیاری و فەرهەنگییەکانی کوردستان، لە هەلومەرجێکی یەکجار هەستیار و سەختدا کە ڕژێمی بەعس (زانکۆ) لە شاری سلێمانی ناهێڵێت و دەیگوێزێتەوە و شەڕی (عێراق-ئێران) دەست پێ دەکات، (ئەو شەڕەی کە عێراق دەخاتە دۆخێکی تایبەتەوە و ڕژێم هەوڵ دەدات بەشێوازێکی نوێ ڕەفتار بکات و خەڵک زیاتر لە خۆی نەورووژێنێ، بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوەوەی خۆی بپارێزێت)، بۆیە یەکەمین ئامۆژگەی هونەریی ئەکادیمی لە میانی هەوڵ و تەقەللای دەستەیەک لە مامۆستایان و هونەرمەندانی پایەداری ئەم شارە بەناوی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی) لە ١٩٨٠/١٠/٣ دادەمەزرێت. خانمە شانۆکاری کورد مامۆستا (بەدیعە دارتاش) لە کتێبی (یادەوەرییەکانم لە ڕۆژە سەختەکانا) ناوی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی تۆمارکردووە و دەفەرموێت: (پەروەردەی سلێمانی دەستەیەکی لە دەرچووانی ئەکادیمی هونەرە جوانەکانی بەغدا لە هەردوو بەشی شێوەکاری و شانۆ بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشت کرد کە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون، م. عەلی جوڵا وەک بەڕێوەبەری پەیمانگە، م. حەمەجەزا محەمەد وەک سەرۆکی بەشی شێوەکاری، مامۆستایان: حیکمەت محەمەد سوبحان، هیوا عەبدوڵڵا، بەختیار مستەفا، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ بۆ بەشی شێوەکاری. لە بەشی شانۆشدا م. بەدیعە عەبدوڵڵا حەسەن وەک سەرۆکی بەش، لەگەڵ مامۆستا (ئازاد جەلال)



ئەحمەد سالار

دا دانران، دواتریش مامۆستایان ئەحمەد سالار و ئەنوەر قەرەداخی وەک وانەبێژ لە زانکۆوە بۆ پەیمانگە گوێزرانەوە).

بەم چەند دڵسۆز و هونەرمەندە لە مامۆستایانی ئەکادیمی کورد چەرخی خوێندنی زانستی هونەر لە باشووری نیشتیمان کەوتە گەڕ، دامەزراندنی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکان) نەک تەنیا بۆ شاری سلێمانی، بەڵکوو بۆ تەواوی شار و ناوچەکانی کوردستان زەمینەی شۆڕشێکی هونەری و هزری و سیاسیی هێنایە کایەوە، هەر زۆر زوو ئەم ڕۆڵ و بایەخەش درەوشایەوە و کارا بوو.

تەنیا لەدوای تێپەڕبوونی ساڵێک و لەمیانی بەهرە و تواناییەکانی خوێندکارەکانەوە کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانەوە ڕوویان کردبووە ئەم پەیمانگەیە و لەژێر ڕێنمایی و ڕاهێنانی مامۆستا بەڕێزەکان، توانرا شاکارێکی کلاسیکی مەزن بە فۆرمێکی ئەکادیمی ڕێکوپێک بخرێتە بەر دید و دیدگەی جەماوەری شار: ئەویش شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)ی نووسەری

کلاسیکی گریک (یوریپیدس) بوو کە بابەتی ئەم نووسینەیە.

### شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)

پێش باسکردنی ناوەڕۆک و بابەتی شانۆگەرییەکە، هەڵوێستەیەک سەبارەت بە نووسەرەکەی دەکەین:

*** یوریپیدس (٤٨٠ پ. ز — ٤٠٦ پ.ز)**

سێیەمین تراژیدیانووسی گریکە و یەکەم شاعیری درامایە کە (شانۆگەرییەکانی هۆشیارییەکی نوێ و هاوچەرخ بووەو لە ڕەوشی ژیانی ئاسایی و گوزەرانی خەڵکەوە نزیک بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر لە شانۆگەرییەکانیدا کەسایەتییە خانەدان و پاڵەوانە جوامێر و پایەدارەکانی بەرجەستەکردووە وەک: (ئەلکیستیس، ئیفگینیا، بۆلۆکسینا)، بەڵام (یوریپیدس ) کە زیاتر لە ٩٠ تێکستی نووسیوە و هەژدە تراژیدیا و یەک ساتۆری بە ئێمە گەیشتووە، هەردەم (لەخەمی ئەوەدا بووە شانۆگەرییەکانی ئاوێنەیەکی ڕوونی سەردەمەکەی بێت و زۆر لە دابونەریتە چەسپاوەکان تێپەڕێنێت، بۆیە ڕەنگ و ڕۆخساری مرۆیی بە خواوەندەکانی گریک بەخشیوە، بەجۆرێک کە وەک مروڤ هەست بکەن و بیربکەنەوە).

(ئەسینا) ئەو شارەی کە (یوریپیدس)ی لێ ژیاوە، ناوکی ژیاریی وڵات و مەڵبەندی سەرەکی داهێنان بووە لە بوارەکانی فەلسەفە و ڕامیاری و ئەدەب و هونەر، بەیداخی شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی ستەمکاریی دژ بە دەسەڵاتدارە زۆردارەکان هەڵداوە، چونکە دانیشتووانی ئەو شارە هۆشیارانە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بە بەرژەوەندی و سەرفرازی گەل و نیشتمانەکەیانەوە گری داوە .ئەم بەها و ئایدیا بەرزانەش لە شانۆنامەکانی (یوریپیدس)دا ڕەنگیان داوەتەوە وەک لە شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس) بە جوانترین شێوە بەرجەستەبووە.



**سلێمانی، ١٩٨٢، دیمەنێک لە شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)، دەرهێنانی (ئەحمەد سالار).**

*** (ئیفگینیا) قوربانی و پاڵەوان**

چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە کە لە ساڵی ٤٠٩ پ. ز نمایش کراوە، بابەتی لەبەردڵانی شاعیرە تراژیدییەکانی گریک بووە، هەر شاعیرێک پێشتر بە جۆرێک دایڕشتووە، ئەگەرچی بەتێکڕا (ئیفگینیا)یان وەک قوربانییەکی مەرگ بەسەردا سەپێنراو وێناکردووە. تەنیا (یوریپیدس) نەبێت لە بۆتەیەکی هونەریی نوێدا پایە و کەسایەتی (ئیفگینیا)ی بەرز ڕاگرتووە بە جۆرێک کە بە خواست و ئیرادەی خۆی بڕیاری خۆ بەخت کردن لە پێناوی نیشتیمانەکەی دەدات.

ڕووداوەکانی شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس) سەبارەت بە (ئاگامەمنون)ی سەرکردەی بەرەی سوپاکانی یۆنانە لە جەنگی دژ بە تەروادە، کە بڕیاری داوە کچەکەی بکاتە قۆچی قوربانی بۆ ڕازیکردنی (ئەرتیمس)ی خواوەند تا ڕێگە بە کەشتییە جەنگییەکانیان بدات جووڵەبکەن و بۆ شەڕی دوژمنەکانیان دەریا ببڕن، بەڵام کاتێک (ئاگامەمنون) لەژێر کاریگەریی سۆزی باوکایەتی لەم بڕیارە پاشگەز دەبێتەوە، (ئیفگینیا)ی کچی بڕیاردەدات گیانی خۆی بەخت بکات و ئابڕوو و شکۆی گەل و نیشتیمانەکەی بپارێزێت.

بەو بڕیارەش دەبێتە ئەو پاڵەوان و نموونە بەرزەی دەستەی لاوان کە بۆ هەتا هەتایە ناوی بە نەمری بمێنێتەوە و چیرۆک و چارەنووسی لە کچێکی بێ دەسەڵاتی قوربانی پێ دراوەوە، بۆ پاڵەوانێکی گیانفیدا و خۆنەویست بگۆڕێت و بیسەلمێنێت کە قارەمانیەتی و نەبەردی هەر لە پیاوان چاوەڕێ ناکرێت، بەڵکوو کچان و ژنانیش دەتوانن مێژوو تۆمار بکەن و ببنە قارەمان.

*** (پەیمانگە) و (ئیفگینیا) و (شاری هەڵمەت و قوربانی)**

بێگومان ئەگەر ئەم بەها شۆڕشگێڕی و پەیامە سیاسییەی نێو دەقەکە، لەگەڵ ساتەوەختی نمایشکردنی شانۆگەرییەکە لێک بدەینەوە، کە لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لە ١٥- ٢١/ ٤/ ١٩٨٢ نمایشکراوە، ئەوە بە ڕوونی هۆگری ئەم نۆبەرە بەرهەمەی پەیمانگە لە سلێمانی، بە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان گرێ دەدرێتەوە کە بریتییە لە (خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢)، ڕێکەوت نییە هەر دوای چەند ڕۆژێک لە نمایشی ئەم بەرهەمە هەڵمەتی خۆپیشاندانەکانی قوتابی و خوێندکاران و خەڵکی شار دژ بە ڕژێمی خوێنڕێژی بەعس لە ٢٣/ ٤/ ١٩٨٢دا دەست پێ دەکات و زۆربەی گەنجە بەشدارەکانی ئەم شانۆگەرییەش لە کچان و کوڕانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەبنە سەردەستەی خۆپیشاندەران، ڕێکەوت نییە! بەڵکوو گۆشکردن و ئاراستەی کوردایەتی و پەروەردەی ڕاست و دروستی گەنجانی زەین داگیرساو و خوێن گەرمە لە شارێکدا کە بە هەڵمەت بردن و قوربانیدان لەپێناوی ئازادیدا ناوزەدکراوە.



**نەرمین قادر لە ڕۆڵی کلیتمینسترا، ئاراس تەیب لە ڕۆڵی ئاگامەمنون.**

*** بەشدارانی شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)**

بەشدارانی ئەم نمایشە کە یەکەمین بەرهەمی بەشی شانۆ بوو، لە تەواوی مامۆستایان و خوێندکاران پێکهاتبوو، مامۆستا بەڕێزەکان وێڕای ڕاهێنانی خوێندکاران و دانانی دیزاین و نەخشەی کارە هونەرییەکان بەشداری سەرەکیشیان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا دەکرد و جوانترین نموونەی پراکتیکی و کارکردنی دەستەجەمعی و خاکەڕایی و خۆشەویستیان بەرجەستەدەکرد، کە بریتی بوون لە هونەرمەندانی پایەبەرز:

١- مامۆستا (ئەحمەد سالار)، وەرگێڕی دەق بوو بۆ سەر زمانی کوردی و هەر خۆی شانۆگەرییەکەی بە فۆرمێکی هونەریی باڵا دەرهێنا.

٢- م. عەلی جۆڵا بەڕێوەبەری گشتی بەرهەم بوو.

٣- م. ئازاد جەلال نەخشەکێشی دیکۆر و سەرپەرشتیی هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی دیکۆری شانۆگەرییەکەی کرد، کە بە دیزاینێکی هونەریی بەرز دروستکرابوو.

٤- م. بەدیعە دارتاش ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆ بوو وەک سەرۆکی بەش و سەرپەرشتیاری ڕووناکی و جلوبەرگ.

٥- م. ئەنـوەر قەرەداغـی، سـەرەڕای ئـەوەی مۆسـیقا و ئـاوازی شـانۆگەرییەکەی لەئەسـتۆ گرتبـوو، کارێکـی دیکـەی، تۆمارکردنـی ڤیدیۆیـی و وێنەیـی نمایشـەکە بـوو، کـە لـەو کاتـەدا کارێکـی نـاوازە و گرنـگ بـوو.

٦- م. حیکمـەت هنـدی، دانانـی ئارایشـتی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو، کـە بـە شـێوەیەکی هونـەری زۆر جوان ڕۆژانـە مەیک ئەپـی بـۆ (٣٥) ئەکتـەری کـچ و کـوڕ دەکـرد.

بەشـی دووەمـی بەشـداران لـە خوێنـدکاران پێکهاتبـوو، ئەوکاتـە تەنیـا سـاڵێکی خوێنـدن بەسـەر دامەزراندنـی پەیمانگـەدا تێپەڕیبـوو، بۆیـە تەنیـا قوناغـی یـەک و دوو لـە ئـارادا بـوو، بـەڵام بناغـە دروسـتەکەی پـەروەردەی هونەریـی ئـەم پەیمانگەیـە ئـەو متمانەیـەی بـە هەمـوان بەخشـیبوو کـە خوێندکارانـی ئـەم دوو قۆناغـە دەتوانـن تـەواوی ڕۆڵـەکان بگێڕن و کارە هونەری و کارگێڕییەکانی نماییشکە بە ڕێنمایی مامۆستاکان بـە جوانتریـن شـێوە جێبەجـێ بکـەن. وا لێـرەدا ناوەکانیـان دەنووسـین کـە ئێسـتا زۆربـەی ئـەو هاوڕێیانـە نـاوی دیـار و هەڵکەوتـووی ناوەنـدە هونەرییەکـەی کوردسـتانن، بەداخـەوە هەندێـک لـەو ئازیزانـە شـەهید بـوون، یـان کۆچـی دواییـان کـردووە، ئەوانـەی ڕۆڵەکانیـان بەرجەسـتە دەکـرد بریتـی بوونـە لـە هونەرمەنـدان:

- ئاراس تەیب بەقاڵ.. ئاگامەمنون
- بەرزان مەحموود.. پیرەمێرد
- نەرمین قادر.. کلیتی مینسترا
- پێشرەو عەباس..مینالاوس
- ئاسۆ سدیق..ئەرستیس
- بەیان ڕەشید.. ئیفگینیا
- شەفیق محەمەد.. ئەکلیز
- هیوا عەزیز.. نێرراو
- ئیبراهیم مەولوود.. کالاس
- ئاکۆ عەزیز.. پیاوێک
- عەبدولمەجید حەمەئەمین.. پاسەوان
- زاهیر غەریب.. پاسەوان

(کۆرس)

- سـروە عـزەت، سـازگار عەبدوڵـڵا، گوڵاڵـە جـەلال، بەیـان مەحمـوود، تریفـە جەمـال، یـادگار لەتیـف، سـۆران عوسـمان، ئەرسـەلان ئەحمـەد دەروێـش، حیسـامەددین محەمـەد، ئاشـتی کەمـال، شـەماڵ فەهمـی، شـۆڕش قـادر، سـدیق عەزیـز، محەمـەد عەزیـز، سلێمان خـدر، بـەرزان عـارف، هـاژە عوسـمان، جـوان غەفـوور، حەسـیبە ئەنـوەر، نەسـرین ئەحمـەد، دڵخـواز کەمـال، دارا عەبدولقـادر.

هەروەهـا ئـەو خوێندکارانـەی بەشـدارییان لـە ئەنجامدانی کارە هونەرییەکاندا کـرد بریتـی بـوون لـە هونەرمەنـدان:

(بەڕێـز مەجیـد، جـەزا ڕەشـید، یاسـین قـادر سـەعید، ڕزگار عەبدوڵـڵا، قـادر محەمـەد، بەیـان عەبدولمتەلیـب، ئومێـد عەبدولکەریـم، نەغـەدە محەمـەد، نەهـرۆ سـاڵح، مەریـوان عومـەر، هەڤـاڵ غەفـوور، مەحمـوود عەلـی، مەیسـوون محەمـەد، عومـەر عەلـی سـەعید، سـەلام عەبدوڵـڵا، سیامەند سـاڵح، سـەرکەوت مەجید، عومـەر سـاڵح، میدیـا ڕەئـووف، هیـوا محەمـەد، دڵشـاد مامـە کەریـم، ڕەجـا عـادل، ماهـر حەسـەن، دانـا عەلـی سـەعید، عەبدوڵـڵا ئەحمـەد، ڕێبـوار محەمـەد سـاڵح، کاوە تۆفیـق، سـەلاح سـەعید مەولوود، بەهزاد مستەفا، ئـاراس محەمەدئەمیـن، ڕزگار باهیـر).

* ماوەتـەوە بڵێـم: هەرچەنـدە ئـەو زانیـاری و وانانـەی تـا کاتـی نمایشـکردنی شـانۆگەری (ئیفگینیـا لـە ئۆلیس) لەبەشـی شانۆ دەخوێنـران هێشـتا لـە سـەرەتادا بـوو (چونکـە لـە خوێندنـی

٥ ساڵی پەیمانگەدا تەنیا ساڵ و نیوێک تێپەڕیبوو)، بەڵام ئەم بەرهەمە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەتێگەیشتنی قووڵ و شارەزایی پەیداکردنی باش لەلای خوێندکاران لە ڕووی پراکتیکییەوە و درک کرن بە بایەخی ئەم هونەرە لەژیانی تاک و کۆمەڵگەدا. هەرچۆن لە ڕێگەی نمایشکردنی ئەم شاکارە کلاسیکییەوە جەماوەری هونەر دۆستی شاری سلێمانی زیاتر ئاشنا بوو بە بوون و توانایی بەرزی بەخشش لەم پەیمانگەیەدا کە وێڕای زیادبوونی ڕووکردنە خوێندنی گەنجان لە بەشی شانۆ و شێوەکاری ئەم پەیمانگەیە، لە ساڵی دواتردا بەشێکی گرنگی تریش کرایەوە کە بەشی موزیک بوو .

لەناو پرۆشۆری شانۆگەرییەکە مامۆستا (ئەحمەد سالار)ی دەرهێنەر برگەیەکی سەرنجڕاکێشی لە بەیاننامەی (کۆنگرەی جیهانیی شانۆ)ی ساڵی ١٩٤٨ لە پراگ دانابوو کە دەڵێت:

(مرۆڤ لە گشت کات و شوێنێکدا ئەتوانێت بەهۆی هونەری شانۆوە بەرگری لە بوونی خۆی بکات و خواستەکانی دەرببڕێت).

**سەرچاوەکان:**


١- د. سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠٣.

٢- بەدیعە دارتاش، یادەوەرییەکانم لە ڕۆژە سەختەکانا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٩٤.

٣- شكري عبدالوهاب، يوربيدس، فلور للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣. ل٨.